# له نێوان نەخۆشی سارس و ڕەگەزپەرستی

ئیبراهیم مەلازادە
malazada@kurdistan.zzn.com

دواهەواڵەکانی دەڤەری عەرەب نشینی عیراق، دوا داهێنانی عەرەبە بەناو بەرهەڵستکارەکانی عیراقە. ئەوانەی کە سوێندیان خواردووە دوا زەردەخەنەی ئەو وڵاتە ڕرفێنن، دوا کۆشکو تەلاری ڕرمێنن، دوا سیمای جوانی بشێوێنن، دوا تەندروستو لەش ساغی نەخۆش بێخنو بفەوتێنن. ئەوەتا ئاژانسەکان ڕایان گەیاند کە سەربازە ئەمریکیەکان دووچاری نەخۆشی سارس بوون، دوانیشیان هەر بەو نەخۆشیە گیانیان لەدەست داوە، بەرەی بەناو بەرهەڵستکاری عیراقیش کە لەڕاستیدا بەرەی سەددامینو بەرەی دوا ئاوزینگی دەسەڵاتی ڕەهای سوننیە عەرەبەکانە، ڕایانگەیاندووە کە ئەوانن ئەو ڤایرۆسەیان لە ناو سەربازە ئەمریکییەکان بڵاو کردۆتەوە. ئەگەر ئەم هەواڵانە ڕاست بن یام نا، ئەوا گەردێکیش لەو ڕاستیە ناگۆڕێ کە ئەو بەناو مرۆڤانە ترسێنەرو تۆقێنەرنو بەر لەوەی دژی مارینز بن، دژی گەلانی عیراقن، وەکو دەڵێن (من فمهم ندینهم) ، ئەوە ئەوانن بۆخۆیان ڕادەگەیەنن کە ئەو نەخۆشیەیان هێناوەو بڵاویان کردۆتەوە، لەو حاڵەتەشدا هەمرو لایەك دەزانن کە ئەو نەخۆشیە دەعبایەکی بێ ئەمانەو دۆستو دوژمن، وڵاتیو بێگانە ناناسێ، سنووری نیەو لەگەڵ شنەبای بەیانیان خۆێ بە دەرگاو دەرو شیپانەکانی خەڵك دادەداتو هەناسەی پاكو بێگەردیان لێ بارگاوی دەگاتو مەرگی ئازیزیان بەرەو مەترسی دەبات، پێمان دەڵێت گۆڕە بەکۆمەڵەکان هێشتا کەمنو عیراق پێویستی بە گۆڕی زیاتر هەیە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەو هەواڵە وابێ ئامێزێکی گەورە لە هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە دەدورێتەوە. ئەگەر ئەو هەواڵە ڕاست بێ یام نا، ئەوە وەکو وایان کردبێ وایەو پێویستە هەموو گەلانی عیراقو کوردوستان وریای ئەو تاقمو گروپە ترسناکانە بن، پێویستە ماوەیان نەدرێ هەناسە هەڵمژن، پشوو بدەن، لە دوا مەنزڵەکانیان ڕاو بنرێن، ئەوانە دوا سێبەرو دوا هەناسەی بۆگەنی سەددامن، ئەوانە وەکو بۆ خۆیان ڕایانگەیاند نەخۆشینو پێویستە بنەبڕ بکرێن. ئەگەر ئەو گریمانەی بەرهەڵستیکردنی ئەمەریکا ڕاست بێ ئەوا پێوستی بە خەڵکێکە کە خۆیان شیفای هەموو نەخۆشیەکان بن بۆ وڵاتەکەیانو ئەخلاق جوانترین بنەما بێ بۆ بەرگری.

هەروەها دەڤەری عەرەبی عیراق دامەزراندنی دادوەرێکی ئافرەتیان ڕەد کردەوە، نەك هەر ڕەدیان کردەوە، بەڵکو بە فەزیحەتیشیان دایە قەڵەمرو ڕایانگەیاندوە کە ئەو سەرەیان بەو قالبەیانەوە نابێ ئەگەر ئەو بڕیارە بچێتە سەر. ئەمەشیان بەرهەڵستکارییێکی ترە بەڵام لە شێوەیەکی تر، سارسێکی تریشە بەڵام لە جۆرێکی تر. ئەم هەڵوێستە لەرزۆکیو بێ مانایيو نەخۆشی ئەم کۆمەڵگایە دەسەلمێنێ، ئەوە دەسەلمێنی کە دیموکراسیەت لەو وڵاتە هیچ نابێ تەنها وەهمێکی گەروە نەبێ، دیموکراسیەت تەنها ئەو درۆیە گەورەیەیە کە بەشێکە لە عەقیدەی دانیشتوانی ئەو دەڤەرە، ئەم هەڵوێستە دەڵێ هەڵوێستەکان هەموویان دوو ڕوون، هەروەکو هەموو شتێکی ئەو وڵاتە لە دووڕوویدا نقوم بووە،

ئەمەیان یەك شت بە گەلی کورد دەڵێ، بە ئاشکرا پێیان دەڵێ: ڕۆژی عیراق ئاوا بە ئاسانی هەڵنایەتو ئەوەش چاوەڕێی ڕۆژە لەگەڵ ئەوان، دەبێ هەر لە تاریکیدا بژیێ، ئێوەو ئەوان کوجا مەرحەبا.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.